# ١٠

## لەبارەی سیمنارەکانی پرسی کوردبوونەوە

عرفان مستەفا

ئاشنایەتیم  بە کارەکانی جەمال نەبەز دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەدەکان کە لە بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین دەمخوێند. یەکێك لەو بابەتانەی کە دەمانخوێند دیالێکتۆلۆجیا بوو. لە ڕێگەی ئەم بابەتەشەوە پرسی زمانی ستاندارد باسدەکرا. یەکێك لەو کتێبانەی کە لە بارەی زمانی ستانداردی کوردییەوە هەبوو، کتێبێکی جەمال نەبەز بوو بە ناوی (زمانی یەکگرتووی کوردی). ئەو کاتە ئەم کتێبە لە کتێبەکانی تر زیاتر لە بارەی ئەو پرسەوە بۆم گرنگبوو. لە ساڵی 2006 کە دەستم بە نوسینی نامەی دکتۆراکەم کرد، بۆ جارێکی تر کارەکانی جەمال نەبەزم بەسەر کردەوە، تێزی دکتوراکەم لە بارەی ناسنامە و زمانەوە بوو، لە بارەی ناسنامەی کوردییەوە دەمویست بزانم لێکۆڵەرانی کورد خۆیان چیان وتووە و ئەو بنەمایە چییە کە لە ڕێگەوە باسیان لە ناسنامەی کوردی کردووە. بۆ ئەمە کارەکەی نەبەز لە بارەی ناسنامەی کوریی‌یەوە لای من یەکێك بوو لە باشترین ئەو کارانەی کە لەو بارەیەوە کرابوو. گرنگی ئەم کارە لەوێوەوە بوو کە تێرامانێکی ڕاستەوخۆم لە بارەی بوونی کورد و ناسنامەکەیەوە تێدا دەبینی کە بە دەربوو لەو چوارچێوە زانستییە وشکەی کە بۆ لێکۆڵینەوە لە ناسنامە هەبوو. لەو کاتەوە کارەکانی نەبەز بۆ من گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە و ئەم زنجیرە سیمینارەش کە لە ئێستادا بە خۆشحاڵییەوە لە دەزگای جەمال نەبەز بەڕێوە دەچێت بەشێکە لەو گرنگیدانە بەو کارە گرنگانەی ئەوان.

جەمال نەبەز بۆ ئەو نەوەیەی کە لە نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا بایەخی بە پرسی کورد دەدا لەبەرچاو و ناسراوبوو، بەڵام ئەو نەوە تازەیەی کە ئێستا لە باشوری کوردستاندا دەخوێنێتەوە، زۆر ئاگاداری کارەکانی جەمال نەبەز نین، جگە لەوەش بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی ئەوێوە مەسەلەی کوردبوون بەرەو بیرچوونەوە رۆشتووە. بۆیە بە پێویستم زانی لە رێگەی ئەم سیمنارانەوە هەم پرسی کوردبوون و هەم جەمال نەبەز وەك یەکەم لێکۆڵەر لەو پرسە بەو نەوە تازەیە بناسێنمەوە. خۆشبەختانە لە رێگەی سوشیال میدیاوە سیمنارەکان دەگەن بەوە نەوەیە و دواهەمین سیمنار کە لە پەیجی زانین دانراوە 44 هەزار کەس بینوویەتی.

ئەم سیمنارانە جگە لەوەی ناساندنەوەی ئەم پرسەو رابەری ئەم پرسەیە، کەسانێکی ئەکادیمیشی بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسی کوردبوون کۆکردووەتەوە و بە هیوام لە داهاتوودا ئەو کۆبوونەوەیە بەرفراوانتر ببێت و دەزگای جەمال نەبەز ببێت بە سەکۆیەك بۆ گفتووگۆی ئەکادیمی لەبارەی پرسی کوردبوون و پرسەکانی تری کوردەوە.

تا ئێستا سێ سیمنار لەو زنجیرە سیمنارە پێشکەش کراوە کە لە بارەی یەکێك لە تێکستە گرنگەکانی جەمال نەبەزەوەیە لە بارەی ناسنامەی کوردییەوە. سیمناری یەکەم لە بارەی ئەو بنەمایانەوە بوو کە لە کارەکەی نەبەزدا بۆ دیاریکردنی ناسنامە و ناسنامەی نەتەوەیی باسیکردوون. سیمناری دووەم لە بارەی پەیوەندی زمان و ناسنامەی نەتەوەییەوە بوو، بەدواداچوون بوو بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا زمان دەبێت بە بنەما بۆ ناسنامەی نەتەووەیی کورد. سیمناری سێهەمیش: لە بارەی رەچڵەك و ناسنامەوەبوو، گفتووگۆبوو لە بارەی ئەوەوە کە ئایا رەچڵەك دەتوانێت ببێت بە بنەما بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کورد.

لە کۆتاییدا من خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم کە لە مەراسیمێکی ئاوادا و لە ماڵە جوانەکەی جەمال نەبەزەدا بەم کارە بچوکە بەشدار بم و لێرەوە پشتگیری خۆشم بۆ کارەکانی ئەم دەزگایە دووپات دەکەمەوە و بە هیوای داهاتوویەکی ئەکادیمی گەشی بۆ دەخوازم.